دادپەروەران لەلای خوای گەورە لەسەر مینبەری نور وڕۆشناییدان

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دادپەروەران لەلای خوای گەورە لەسەر مینبەری نور وڕۆشناییدان، لەلای ڕاستی خوای میهرەبان -الرحمان- (عز وجل)، وهەردوو دەستەکانی (پەروەردگار) ڕاستن، ئەوانەی کە دادپەروەرن: لە حوکم وفەرمانڕەواییان، ولە ماڵ وخێزانیان، ولە هەر کار وسەرپەرشتیارێەک کە پێیان بسپێردرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەوانەی بەدادپەروەری حوکم دەکەن وبڕیار دەدەن لەنێو ئەو خەڵکەی لەژێر دەستیاندان وفەرمانڕەواییان دەکەن یان لە ماڵ وخێزانیان، ئەوا ئەم دادپەروەرانە لە شوێنی بەرز دادەنیشن لەڕۆژی قیامەتدا کە لە نور وڕۆشنایی دروستکراوە وەکو ڕێزلێنانێک لێیان. وئەم مینبەرانە لەلای ڕاستی پەروەردگاری میهرەبانن -سبحانە وتعالى-، وهەردوو دەستی پەروەردگار ڕاستن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4935